# تیرۆر لەپەنای ئاسایشەوە

## سەلام عومەر

یەکێك لەو جیاوازیە سەرەکیانەی لەنێوان هەرێم و باشوردا هەبوو،ئەو ژینگە ئارام وئاسایشە پتەوە بوو کە خەڵکی ئێرەی لەهەرەشەکانی تیرۆرزم پاراستبوو،شانازیەکانی ئێمە لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەزاڵبوونمان بەسەر رەگوڕیشەی تیرۆرستان لەکوردستان ودروستکردنی وێنەیەکی جوان لەبەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵتی وئەو هاوپەیمانانەی بەناچاری هاوپەیمانن،دەرگای لەبەردەم زۆرێك لەرێکخراو و کۆمپانیا بیانیەکاندا کردەوە تابنکەو کارە خزمەتگوزاریەکانیان لێرە لەم هەرێمەکراوەدا وەگەڕ بخەن وپڕۆژە خزمەتگوزاری وسیاسیەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕۆن، کەئایندەی ئێمەو دەسەڵاتی سیاسی جوانتر بکەن،بۆیە پاراستنی دەستکەوتەکان وبەتایبەتیش ئارامی کوردستان ،دەبێت یەك لەو کارە هەرە گرنگانە بێت کەلەئەستۆی حکومەت ودەزگا پەیوەندی دارەکان ولەسەروی هەموشیانەوە هاولاّتیانە ،چونکە فاکتەری سەرکەوتنی پڕۆژە سیاسییەکان و دەزگا ئاسایشیەکان لەهەناوی جەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێ و دەبێت لەوێوە دەست بەرێکخستنەوەی بکەین و بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بین کە لەبەردەم یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگای ئاسایشی هەرێمن، دەبێت بەدووی میکانیزمێکی نوێدا بگەڕێین، تا هەرچی زووە ببێتە فاکتەری گوشار بۆ سەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم تا دەست بەکاربن بۆ یەکگرتنەوەیان و چیدی بەڵێن و کاتەکان نەچنەچوارچێوەی خزمەتکردن بەو دەرگایانەی تیرۆری لێوە دێنە ژوورێ.

چونکە ئەم دوو تەقینەوەی کە لەماوەی یەك هەفتەدا لەهەولێرو مەخمور رویاندا، هەوڵێکن بۆ لەگرێژنەبردنی هەموو ئەو دەستکەوت و شانازیانەی ئێمە هەمانەو لەهەمان کاتیشدا تەحەدایەکی بێ وێنەی دەزگا ئاسایشیەکانەو ئەگەر هەرچی زووە سنورێکی بۆ دانەنرێ، ئەوە جگە لە زیادبوونی پڕوپاگەندەکان، کە لێرەو لەوێ بەرگوێی هاوولاّتیان دەکەوێ، لەناکاو دەکەوینە نێو تەمومژی ئەو روداوانەی کە دەمێکە نەمان دیون.

ئێستا ئەگەر گۆڕانێکی خێرا لەنێو سیستمی سیاسی هەرێمدا بکرێ، بەتایبەتیش کە لەسەروبەندی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستورین و ئەنجام بە بەرژەوەندی ئێمە تەواو دەبێ، دەکرێ دڵخۆشییەك یان ئارامییەکی نوێ بەهاوولاّتیان ببەخشێ و بەزووترین کات رەگو ریشەی تیرۆرستان هەڵتەکێنرێتەوە، لەبیرمان نەچێ هەڕەشەی تیرۆرستان راستەوخۆ پەیوەندی بەم ماددە دەستورییەوە هەیەو بۆ تەفرو توناکردنیشیان پێویستە لەریشەوە دەربهێنرێن، ئەوەش ناکرێت تاوەکو بەدۆسیەی هەموو ئەو ماڵانەدا نەچینەوە کە لەدەرەوەی هەرێم هاتوون و دوور نییە هەندێك لەوانە بۆ مەبەستی تایبەتی روویان لێرە کردبێ، ئەوە جگە لەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگای ئاسایشی هەرێم پێویستییەکی هەنوکەییەو ئیدی هیچ بەڵگەو بیانویەك هەڵناگرێ.

چونکە شەقامی کوردی تا ئەو شوێنە دەتوانێ چاوەڕوان بێت، کە مەترسییەکانی تیرۆر لێیەوە دوورە، ئەگەرنا بەدوور نازانرێ لەئایندەیەکی زۆر نزیکدا ئەم شەقامە ببێتە ئەو گوشارە توندەی کە دەسەڵاتی کوردی لەچاوەڕوانیدایە، یان لەکاتێکدا رووداوەکان دەتەقنەوە کە دەزگا ئاسایشیەکان بەجیاو لەدەڤەرە جیاکاندا سەرگەرمی راوەدوونانی تیرۆرن، سەرگەرمی بەدووکەوتنی ئەو باندو تاقمانەن کە هەندێکیان دەستگیر کراون و ئەوانی دیش لەسوڕی مت بوندان، تا ئەوکاتەی درزی نێوان دەزگاکان گەورەتر دەبێ و ئیدی جارێکی دی گەرای تۆڵەو تیرۆری بەسەرماندا هەڵدەڕێژن، هەروا پێکهاتەی تیرۆر لەم دەڤەرەی ئێمە تەنها ئەو رێکخراوە باوو ناودارانە نین کە لەخوارو

کردەکانیان ئەنجام دەدەن، باشە بیر لە ولاتە هەرێمایەتییەکان‌و ئەوانەش بکرێتەوە کە بەئارامی ئێرە نیگەرانن‌و بەمەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانی دادەنێن، دوور نییە ئەوانیش بەشێك بن لەو کارە تیرۆرستیانەی ئارامی ئێرەی شڵەقاند، چونکە لێرە زەمینە لەبارە بۆ گەشەکردنی ئەوانەی بیریان لێنەکراوەتەوەو تاقیکردنەوەکانی رابردووش وەك گروپەکەی شێخ زانا، ئەم راستیە دەسەلمێنێت، بۆیە خۆ رێکخستنەوەو یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگای ئاسایشی هەرێم، بە پشتبەستن بەهاوولاتیان‌و فرێدانی هەوڵە حزبییەکان کە هەتا ئێستاش سیمایەکی ناشیرینی هەیە زامنی سەرکەوتنێکی دی دەبێت بەسەر تیرۆرستان‌و ئەو پلانانەی هەڕەشەیە بۆ سەر هەر هەمووومان.